# ئاڵەکۆک

مهاباد

ویژه نامه ـ ماهنامه مهاباد
ژماره ٦ ـ خه رمانانی ١٣٨٤







وتەی ئاڵەکۆک

## "دووهەمین فیستیواڵ شێعری منداڵان لە دیواندەرە"

ئەوەی ئێمڕۆ بەناوی ئاڵەکۆک بڵاو دەبێتەوە بەرهەمی نەبوونی و بێ دەردەتانی ئەم منداڵانەیە، جێگایەک نەبوو بیروهەستی تێدا دەربڕن. ئاڵەکۆک لە ماوەی پێنج ژمارەدا، تێکۆشاوە لەگەڵ زارۆکان پێڕۆکە بکا تێکۆشاوە ئەم تام و چێژە بێ، منداڵ پێی خۆشە تێکۆشاوە منداڵ بێ، ئاڵەکۆک پێی خۆشە وەک منداڵ کایە بکا وەک منداڵ شێعر بۆ گەوران بڵێتەوە، وەک منداڵ چیرۆک بگێڕێتەوە. ئاڵەکۆک زۆر شتی شیرن و خۆشی لە بەر چاوە.چوونە فیستیواڵەکان، وەک ئەوەی بۆکان و میدیای منداڵان لە سلێمانی و ئەوەی ئێستای دیواندەرە. چوونە پێشانگاکان وەک ئەوانەی مەهاباد. سەردانی کانوونی منداڵان و زۆر شوێنی تر. ئاڵەکۆک منالێکە پێی خۆشە گەورەکان دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن. هاوتەمەنەکانی شێعر و چیرۆک و نەقاشی بۆ بنێرن. بە کوردی ئاڵەکۆک لە قەدەر تەمەنی لاق رادەکێشێ. زۆر جار لە خۆمان پرسیوە بۆ دەبێ منداڵ لە ڕەوڕەوەی سیروان و ئاڵەکۆک زیاتر کانگایەکی تری نەبێ بیر و هەستی تێدا دەربڕێ؟ ئایا ئەوەندە بەش دەکا؟ بڵێی کەسانی تر لە خەیاڵی دروست کردنی شوێنێکی تردابن؟ بڵێی کەسانێک فەرهەنگی تایبەتی منداڵان بنووسنەوە؟ بڵێی کەسانێک ببن بە ڕەخنەگری ئەدەبی منداڵان؟

بڵێی کتێبی کوردی منداڵان ئەوەندە زۆر و زەوەند بێ منداڵ نەزانێ کامەیان هەڵبژێرێ؟ کەی ئەم ئاسە و ئارەزووویانە دێنە دیی؟ با لەم بۆچوونە ڕەنگاوڕەنگانە بێینە دەرێ و ئێستا بزانین چمان لە دەست دێ. بەڕێوەچوونی ئەم فیستیواڵانە زۆر خۆشن. ئەوەندە خۆش منداڵ نەبێ کەس نازانێ خۆشیەکەی چەندەیە! ئەوەکە ئێمە قسان دەکەین ئێ ئەوەیە کە ئێمەش منالین نە زیاتر نە کەمتر. هاتووین لەم فیستیواڵەدا بڵێین منالە جوانەکان کوا نەقاشیەکانتان؟ کوا شێعرەکانتان؟ کوا قسەخۆشەکانتان؟ چتان بۆ ئاڵەکۆک پێیە؟ هەرچی پێتانە و هەرچی پێتان نیە و نەتانهاوردووە، بۆمان بنێرن بان چاومانی دادەنێین.

دەس خۆشانە بە بەڕێوەبەرانی ئەم کۆڕە خۆشە دەڵێین و هیوا دارین ئاڵەکۆک چاوی بە فیستیوالی تر ڕوون بێتەوە

* ڕاپۆرتی ئەم فیستیواڵە لە ڕۆژنامەی سیروان. ژمارە ۳۴۷ بەشی ڕەوڕەوەدا هاتووە.







هەواڵنامەی کتێب



دیاری یاسەمەن جەعفەری ـ مەهاباد

خۆشەویستان ئەو وێنەیەی یاسەمەن ڕەنگ بکەن







## فەرهەنگۆک

| فارسی | کوردی |
|---|---|
| نوپا | پێڕۆکە |
| آشیانه | کولانە |
| انتقام | تۆڵە |
| شکار | نێچیر |
| می چسبد | دەلکێ |
| طاقچه | ڕەفە |

دیاری تاهیر قادری ئەقدەم

١٤ ساڵە لە مەهاباد



هەواڵنامەی کتێب

ژمارەکان پێکەوە بنووسێنە گیاندارێکی ژیکەڵە سڵاوت لێ دەکا.





ورده ورده پاییزە و کاتی بەفر و باران، دەبێ چەترێکی جوانمان هەبێ ئەگەر وایە ڕەنگی بکە.

# *five fingers*

ئامادە کردنی: سەید عەبدولقادر سەمەدی

Five fingers are brothers
The first one is young and short
The second one is medium
The third one is tall
The third one is medium too
The last one is old and fat
If they were all the same
They could not do any thing
But now that each one has its own shape and ability
They are strong and can do what they want, and enjoy the life



## پێنج قامک

پێنج قامک بران
یەکەمیان لاو و کورتەباڵایە
دووهەمیان دەستەیە
سێهەمیان کەڵەگەتە
چوارەمیش دەستەیە
دوایین برا پیر و قەڵەوە
ئەگەر هەموو وەک یەک چووبان
نەیاندەتوانی هیچ بکەن
بەڵام ئێستا کە هەر یەک شێوە و توانایی تایبەت بە خۆیان هەیە
بەهێزن و دەتوانن هەرچی بخوازن وە دەستی بێنن و چێژ لە ژیان بەرن



# شێعر چلۆن پەیدا بوو؟

لێهەڵگرتنەوە: مام بەختیار



شێعر گوتنەوەیەکی ڕەوان بە کێش و هەوا و ئاهەنگە لە سەر بنەمای هێندێک یاسا و ڕیسای ئەدەبی. هەڵقوڵاوی سۆز و هەست و دەروونی شاعیرە. ئەمە کە شێعر لە کەیەوە و کێ یەکەم جار دایرشت کەس نازانێ. بەڵام هێندێک بۆچوون لە بەر دەست دایە کە بۆتان باس دەکەم: مرۆڤ بەر لە فێربوونی گوتن و زمان، بە ئاماژەی دەست و قیژە و شتی لەم بابەتە یەکتریان ئاگادار دەکردەوە. کە دەچوون بۆ ڕاو لە شوێنێک کۆ دەبوونەوە و بە هەڵبەزین و هات و هاوار جۆش و خرۆشیان دەخستە جەستە و هەناویان. بە کەڵک وەرگرتن لە پێست و چەرمی نێچیرەکان تەپڵ ساز کرا. بەرە بەرە بزووتنەوەی ڕێکوپێک و لە پاشان سەما فێر بوون. وای لێهات تەپڵ و سەما بوو بە بەشێک لە ژیان و ئایین. لە دەوری ئاگرێک یا مەیدانێک کۆ دەبوونەوە و بە کوتانی تەپڵ و سەما کردن و ورتە ورت لەگەڵ خودای خۆیان دەدوان. دەنگ و قیژە و هاوار، وشەی لێ پەیدا بوو. وشەکان ڕیز کران مانایان بە خۆوە گرت. ڕستەی لێ کەوتەوە. ڕاز و نیاز و دوان لەگەڵ خوداکان بە شێوەی کێش و هەوا و ئاهەنگەوە پەرەی گرت و گرینگێکی تایبەتی بە خۆوە بینی. وێدەچێ ئەمە سەرەتای لە دایک بوونی شێعر بێ. سەیری سروشت، دەنگی باڵندە، هاژەی ئاوهەڵدێر و... بوو بە هەوێنی شێعر و ئاهەنگ. شێعر جێگە و پێگەی پێدرا و بوو بە هونەر. مرۆڤ هەوڵی دا بە گوتنەوەی بیپارێزێ لە دوایەش کە فێری نووسین بوو بەشێک لەم بەرهەمانە نووسرانەوە و لە فەوتان ڕزگاریان هات.



# ئارام و مێروولەکان

سوغرا ڕەزگەیی ـ مەهاباد



نیوەڕۆی گەرمی هاوین، ئارام دەچوو بۆ مەزرا. لە ڕێگادا چاوی بە شارە مێروولەیەک کەوت ڕێچکەیان بەستبوو و دەنکە گەنم و جۆیان پێبوو. ئارام چاوی بە دوایانەوە بوو تا بزانێ چ دەکەن. لە بەر خۆیەوە گوتی با بە دوایاندا بڕۆم بزانم بۆ کوێ دەچن. هەر چاوی لە مێروولەکان بوو، ئەوان یەک بە دوای یەکدا دەچوون بۆ نێو کولانەکانیان. ئارام پووشکەیەکی هەلگرت و لە مێروولەکانی وەردا. لەپڕ دەنگێک هاتە گوێی: ئەوە بۆ ئاوا دەکەی، بۆ ئازارمان دەدەی، پێت وایە چوونکە بچکۆلەین ناتوانین لە سەر خۆمان بکەینەوە؟ وامەکە، لێمانگەڕێ.

ئارام مێروولەکانی ئازار دەدا و گوتی:

ئای ئای، چاو ئەوانە چەندە زۆرن!

ئارام هەر وا درێژەی بە کارەکەی خۆی دا و گوتی:

چاو چاو هەڕەشانیش دەکا.



لەو قسانەدا، مێرولەکان پێی هەلگەڕان و گەستیان.

ئارام زیقاندی و چیلکەکەی فڕێدا و مێروولەکان قاقا پێکەنین و گوتیان ئێمە چونکە لە هەموو کاتێکدا پێکەوەین، کەس ناتوانێ ئازارمان بدا، ئاوا تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە.



هەواڵنامەی کتێب

# سروشت

جەعفەر هەمزەقورمیش



کەژ و دەشتمان خاوێنە
گەش و جوان وەک ئاوێنە
بۆ گەشەی دڵ و دەروون
شوێنێکی خەم ڕەوێنە
بۆ وەی دڵخۆش بمێنی
ئاوێک بچۆ داوێنی
بە هۆی جوانی کێو و دەشت
تەمی دڵ دەتارێنی
وا باشە قەدری بگرین
تاکوو بمێنێ ڕەنگین
فڕێ نەدەین زبڵ و زاڵ
ڕازاوەی کەین وەک نێومال
خودا بکەین شوکرانە
سروشتمان ئاوا جوانە



# چۆلەکە و پەپوولە

شێعر: ناسر کشاوەرز
وەرگێراوی: ئازاد ماوەرانی



کاکی چۆلەکە لە نێو باخچەدا
دندووکی تیژی لە پەپوولەدا
پەپوولە گوتی کاکی چۆلەکە
ئەمن دانە نیم جوانم چاو لێکە
منیش وەکوو تۆ گیان لەبەرێکم
خاوەنی باڵ و زار و سەرێکم
ئەلێی بۆ خواردن دندووکم هەیە
منیش زارێکی بچووکم هەیە
چۆلەکە گوتی ببوورە گیانم
لەو کاری کردم زۆر پەشیمانم
وەرە پێکەوە بفڕین بە خۆشی
دوور بین لە داخ و خەم و نەخۆشی



# مامە هاوڕێ هاتەوە



ئاواڵە جوان و ژیکەڵەکانم سڵاو! ئەمجارە مامە هاوڕێتان زۆر شادە. چونکە پایزە و کاتی کرانەوەی باخچەی رازاوەی منالان و مێرمنالانە. ڕۆژی دووی ڕەزبەر خۆشترین ڕۆژە بۆ منالان ڕۆژی خۆشەویستییە و ڕۆژی کرانەوەی قوتابخانەیە

چاو لە هەر لایەک دەکەی پۆلپۆل منالان بە کیف و جلوبەرگی جوان و خاوێنەوە دەبینی. هەموویان زەردەخەنەی شیرینیان لە سەر لێوە و دووان دووان و سیان سیان دەستی یەکیان گرتووە و دەڕۆن بۆ قوتابخانە. جا ئەوانەی ساڵانی پێشوو دەرسیان خوێندووە دەزانن قوتابخانە چەندە شوێنێکی خۆشە و بیری مامۆستاکەیان و هاوڕێ و هاوپۆلەکانیان کردووە و بە دیداری یەکتر شاد دەبنەوە. بۆیە قوتابخانەش بە دڵی رووناک و باوەشی پڕ لە هیواوە چاوەڕوانی هاتنەوەی منالە ژیر و دڵپاکەکانە و ئەو سێ مانگەی هاوین، دیوار و تەختەڕەشە و کورسی و حەوشە و دارەکانی بە تەنیا بوون و ڕەنگە زۆریان دڵتەنگی و خەمی تەنیایی چێشتبێ. ئەو سێ مانگە دیوارەکانی قوتابخانە گوێیان لە دەنگی پێکەنین و گۆرانی و قسەی خۆشی منالان نەبووە. تەختەڕەشە بە دیوارەوە وشک بووە و کەس هیچی لە سەر نەنووسیوە، چاوەڕوانی دەستی جوان و خاوێنی ئێوە منالە زیرەکەکانە کورسییەکان تۆزیان لە سەر نیشتووە و چاوەڕێن منالان کتێب و قەڵەمیان لە سەر دانێن و لە سەریان بنووسن. حەوشەکە چاوەڕوانە منالان بێنەوە بە سەریدا هەڵێن و وەرزش بکەن و ئەو زبڵ و نایلۆن و کاغەزانەی با بڵاوی کردوون کۆی بکەنەوە تا پاک و خاوێن بێتەوە. لێرەدا مامەهاوڕێ پیرۆزبایی جێژنی دووی ڕەزبەر، جێژنی شادی منالان و قوتابخانە بە گشت منالە ژیر و چاوکەشەکانی کوردستان دەڵێ و شێعری خۆر و لاولاوتان پێشکێش دەکا

## خۆر و لاولاو

بەر لەوەی بزەی گەرمی خۆر
لە لێوی ئاسۆ دەرکەوێ
لاولاوی بنەوشی حەوشە
بە پۆل هەڵدەستن لە خەوێ

لە باوەشی تاریکی دا
گەشاوە و تەڕ و پاراون
کاتی خۆر هەڵدێ سیس دەبن
پێموا لە هەتاو ترساون

خۆمن لاولاو نیم قوتابیم
خۆر و بەیانیم پێجوانە

لەگەڵ هەتاو ڕێدەکەوم
بەرەو دەرکی قوتابخانە

دوێنێ مامۆستا پێی گوتین
"ئێوە گوڵاڵەی پاراون
هەموو خونچەی نەپشکووتوون
چاوەڕوانی خۆرەتاون"

بەڵام گوڵی لاولاو نابین
قسەی مامۆستاشمان جوانە
گوڵ سیس دەبێ ئێمە خۆرین
وڵات چاوی لە ڕێمانە

•









# فێربوونی زمانی کوردی ٥

نووسینی: سەید عەبدوڵڵا سەمەدی
ئامادە کردنی: فەرەیدون حەکیمزادە

وانەی پێنجەم.

منالە خۆشەویستەکان لە وانەکانی پێشوودا لە چوار پیتی (ڕ ـ ل ـ ۆ ـ ێ) کە "٧" دەگرن باسی (ڕ ـ ڵ) کرا. ئێستاش باسی دوو پیتی (ۆ ـ ێ) دەکەین (ۆ O) و پیتی دەنگداری کورتە، ئەگەر بەدوای پیتە بێدەنگەکان بێت، دەنگی (اُ) دەدا. بە دوو شێوەی (ۆ ، ـۆ) دەنووسری (بُ = بۆ / تُ = تۆ / دُ = دۆ / ڕُ = ڕۆ) ئەو عەلامەتە بە دوای پیتەکانی (د، ر، ز، ژ، و) بە تەنیا دێت و ناڵکێ. وەکوو (دۆم، ڕۆژ، زۆر، مژۆڵ)

(ێ E) دەنگدارێکی کورتە بە دوای هەر پیتێکی بێدەنگ دێت و دەنگی (ا) دەدا: کە بە چوار شکل دێ لە ئەوەڵێ، لە نێوان و لە ئاخیری وشە دەلکێ. (ێـ ، ـێـ ، ـێ ، ێ)

وەکوو: دم = دێم / جپ = جێپ / پر = پێری

بەڵام لە دوای پیتەکانی (د، ر، ز، ژ، و) تەنیا دەنووسرێ: (دێ / رێ / زێ/ ژێ/ وێ) منالە ئازیزەکان وشەکانی ژێرەوە دابەش بکەن:





| | |
|---|---|
| ١ـ شێرکۆ = شێر + کۆ | ٢ـ مژۆڵ = |
| ٣ـ ڕۆڕۆ = | ٤ـ کۆسار = |
| ٥ـ بێزار = | ٦ـ ڕێواس = |
| ٧ـ شێر = | ٨ـ مێوژ = |
| ٩ـ شێوە = | ١٠ـ هێدی = |

واتای وشە

| کوردی | لکاندن | کۆسار | مێوژ | شێوە | هێدی | ژێر | زگماکی | ئاف | چێژ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فارسی | چسباندن | کوهستان | کشمش | شکل ـ شیوە | آهستە | زیر | مادری | دورە | لذت |

ئێمە منالانی کوردستان وەکوو هەموو منالانی تر لە دنیادا پێمان خۆشە بە زمانی زگماکی خۆمان بنوسین و بخوێنین و لە ژیان، لە دار، لە ئاسمان چێژ ببەین. ژیانی منالیمان منالانە بێ، نەک بچووک بین و چاوەڕوانی بیری گەورە گەورەمان لێ بکرێ. ما کودکان کردستانی مانند همە کودکان دیگر در دنیا دوست داریم با زبان مادری خودمان بنویسیم و بخوانیم و از زندگی، از درخت، از آسمان لذت ببریم. دوران کودکیمان کودکانە باشد نە اینکە کوچک باشیم ولی انتظار فکرهای بزرگ (خارج از توانمان) از ما داشتە باشند.

° کتاب آموزش خواندن و نوشتن زبان کردی با الفبای عربی ـ کتاب یکم ـ نوشتە سید عبدالله صمدی

•





هەواڵنامەی کتێب



# چیرۆکی پەریلانی ئینگلیزی (بەشی یەکەم)

کۆکراوەی: جۆزێف یاکوبز

وەرگێر لە ئینگلیسیەوە: عەبدولخالق یەعقووبی



" ئەم وەرگێڕانە پێشکێشە بە "هۆنیا" و هەموو ئەو منداڵانەی چیرۆکیان لە شووتی و پرتەقاڵیش پێ خۆشترە.

## تۆم تیت تۆت

هەبوو، نەبوو، ژنێک هەبوو، جارێکیان ویستی پێنج کولێرە ناسکە ساز بکا. کاتێک لە تەندووری هێنانە دەرێ هێندە لە تەندوورەکەدا مابوونەوە بە جارێک ڕەق ببوون و بۆ خواردن نەدەبوون. هەر بۆیە رووی کردە کچەکەی و پێی گوت: "دارتێر darter ، رۆڵە ئەم کولێرانە بخەرە سەر رەفەکە، لێیان گەڕێ تۆزێک بمێننەوە، دێنەوە سەر خۆ" مەبەستی ئەوە بوو کولێرەکان نەرم دەبنەوە. کەچی کچەکە لە دڵی خۆیدا گوتی: "دەیجا، باشە، ئەگەر قەرار وایە نەرم ببنەوە با هەر ئێستا بیانخۆم." هەر بۆیە خۆی لێ خۆش کردن و هەموویانی خوارد و مرخەی لێ بڕین.

کە بوو بە کاتی خواردنی شێو، ژنە گوتی: "رۆڵە برۆ یەکێک لەو کولێرانە بێنە بیخۆین. لەوانەیە ئێستا نەرم و ناسک بووبێتنەوە." کچەکە چوو بۆ لای رەفەکە و چاوی لێکرد چ کولێرەی لێ نەماوە. گەڕایەوە و گوتی: "نا، هێشتا نەرم و ناسک نەبوونەتەوە." دایکی گوتی: "ئەنانەت ناقە دانەیەکشیان؟" کچە گوتی: "ئەنانەت ناقە دانەیەکیشیان." ژنە گوتی: " قەی ناکا، چ نەرم بووبێنتەوە و چ نەرم نەبووبێتەوە دانەیەکیان بۆ شێو هەر دەخۆم." کچەکە گوتی: " بەڵام تۆ ناشێ کولێرە بخۆی، کاتێک نەرم نەبووبێتەوە." ژنەکە گوتی: " بۆ ناشێت، برۆ باشترین کولێرەیانم بۆ بێنە." کچەکە گوتی چیت لێ وەشێرم، ئەوەی راستی بێت بەباش و خراپەوە هەموویانم خوارد و بۆیە تۆ ئێستا ناتوانی چاوەڕێی نەرم بوونەوەیان بکەیت بۆ ئەوەی بیانخۆیت." ژنەکە ناچار تەشی بە دەستەوە گرت و پاڵی بە دەرگاکەیانەوە دا و بە دەم تەشی رستنەوە دەیگوت: "دارتێری کچم ئێمڕۆ پێنج کولێرە، پێنج کولێرەی لێ خواردم." "دارتێری کچم ئێمڕۆ." لەو کاتەدا پادشا بە کۆڵانی ئەواندا تێدەپەڕی، و گوێی لێ بوو ژنە شتێک لەبەر خۆی دەڵێتەوە، بەڵام نەیدەزانی چ دەڵێ، هەر بۆیە راوەستا و گوتی: "ئەوە چی لە بەر خۆتەوە دەڵێی، ژنی باش؟" ژنەکە لە رووی هەڵنەهات بەسەرهاتی کچەکەی بۆ بگێڕێتەوە، هەر بۆیە لە جیاتی ئەو شتەی گوتبووی گوتی: "دارتێری کچم ئێمڕۆ پێنج تەشی، پێنج تەشی بۆ رستووم." "دارتێری کچم." پادشا گوتی: "کچی شتی چاک بڵێ. قەتم نەبیستووە کەس شتی وای لە دەس بێت." پاشان گوتی: " جا، دایکی خۆم دەمەوێ ژن بخوازم، و ئەوە کچی تۆش دەخوازم بەڵام گوێت لێ بێ، ئەو بۆی هەیە یازدە مانگی ساڵ چی پێخۆشە بیخوات، چی پێخۆشە لەبەری بکات، دۆستایەتی





هەواڵنامەی کتێب

بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ۴ی ناڵەکۆک

هەژیر بەردنووس ـ مەهاباد

ئیحسان واسیعی ـ مەهاباد





۱ـ وەرزی چوونەوەی منداڵان بۆ قوتابخانە

۲ـ مانگی خەرمانان بە زمانی فارسی

۳ـ مانگی میوانی خوا و رۆژو گرتن

۴ـ دژی دوور

۵ـ پێش نووستن منداڵی وشیار ددانی پێ دەشوا

۶ـ ناوی بەشی منداڵانی رۆژنامەی سیروان کە لە سنە دەردەچێ

۷ـ لە هەوری بەهاران و پاییزان دەباری

۸ـ کووچەی فارسی بە زمانی کوردی



وڵامی جەدوەل ژمارە ۲

۱ـ مشک ۲ـ تیر ۳ـ سنە

۴ـ بۆکان ۵ـ سەردەشت ۶ـ هاوین

کێی پێ خۆشە بیکات، بەڵام دەشێ دوایین مانگی ساڵ هەر ڕۆژە و پێنج ئەشی بڕێسی، ئەگەریش نەیکا ئەوە دەیکوژم". ژنەکە گوتی: "زۆر باشە" چونکی پێی وابوو کچەکەی مێردی لەوە چاکتر ناکات سەبارەت بە پێنج ئەشییەکەش ئەوە کە وەختی خۆی هات ڕێگا زۆرە بۆ ئەو کارە، لەوانەیە پادشا ئەو دەم ئەم قسانەی هەر لە بیر بچێتەوە.

پادشا کچەی گواستەوە. یازدە مانگی ڕەبەق کچە چی پێ خۆشبوو خواردی، چی پێخۆش بوو لەبەری کرد و دۆستایەتی کێی پێخۆش بوو کردی. بەڵام کە کاتی دیاریکراو کۆتایی پێ هات بیری لە ئەشی ڕستنەکەی کردەوە و گوتی، بلێی پادشا لە بیری مابێت. پادشا چ شتێکی سەبارەت بە ئەشی ڕستن بە زاردا نەهات و هەر بۆیە کچە پێی وابوو پادشا هەموو شتێکی ئەو بابەتەی لەبیر چوتەوە. کەچی یەکەم ڕۆژی دوایین مانگی ساڵ پادشا کچەی بۆ ژوورێک برد کە کچە پێشتر هیچ کات پێیدا نەبوو. ئەو ژوورە هیچی لێ نەبوو جگە لە ئەشییەک و کورسیلەیەک نەبێت. پادشا گوتی: "جا ئێستا خۆشەویستی خۆم، تا بەیانی دەرگات لە سەر دادەخەم. هێندێک خواردەمەنی و بە ئەندازەی پێویستم خوری بۆ داناوی. ئەگەر تا سبەی شەوێ پێنج ئەشیم بۆ نەڕێسی، سەرت بە فەنارت داوە."

دەرگای لێ پێوەدا و بە شوێن کاروباری خۆی کەوت کچە زراوی چوو. ئەو هەمیشە کچێکی ئەوەندە دەست و پێ سپیلکە بوو کە نەیدەزانی تەنانەت ئەشی چۆن بڕێسێ. دەبوایە چی کردبایە تا بەیانی؟ نە کەس بوو هاودەردی بێ و نە کەسێش بە هاوارییەوە بێ. لە سەر کورسیلەکە دانیشت. جا وەرە هۆڕ هۆڕ گریان... لەپڕ دەنگێکی نزمی ئەبیست کە دەتگوت تەق تەق لە دەرگا دەدەن. هەستا و دەرگاکەی کردەوە. چ ببینێ باشە؟!.

دەعبایەکی ڕەشی بچکۆلانە و وردیلە کە کلکێکی درێژی پێوە بوو. دەعباکە چاوێکی لە ڕوخساری کچەکە کرد و گوتی: "ئەوە بۆ دەگری؟" کچە گوتی: "جا چ سوودێکی بۆ تۆ هەیە بزانی؟" دەعبا گوتی: "وەللا هیچ. هەر پێم خۆشە بزانم تۆ لەبەر چی دەگری." کچەکە گوتی: "جا بشلێم چ دەردی من چارەسەر نابێ." دەعباکە گوتی: "چووزانی" کلکی لە حەوا با هەڵسووراند. کچە گوتی: "دەی باشە خۆ ئەگەر قازانجیشی نەبێت، زیانی نابێ. هەر بۆیە سەر لە بەری بەسەرهاتی کولێرەکان و ئەشی ڕستن و هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە.

دەعبا ڕەشە وردیلەکە گوتی: "ئەو کارە کاری منە. من هەموو بەیانییەک دێمە بەر پەنجەرەی ژوورەکەت و خورییەکەت لێ وەردەگرم و شەوێ دەیڕێسم." کچە گوتی: "هەقدەستەکەت چی بێت؟" دەعباکە بە سیلەی چاو لێی ڕوانی و گوتی: "من هەموو شەوێک سێ جار دەرفەتت دەدەمێ تا تۆ بە مەزەندە ناوی من هەڵدەی، جا ئەگەر بێت و بەر لە تەواو بوونی مانگ ناوی من هەڵنەدەی ئەوە دەبێ بە هی خۆم." کچە پێی وابوو حەتمەن بەر لەوەی مانگ تەواو بێت ناوی دەعباکە هەڵدێنێ. هەر بۆیە گوتی: "زۆر باشە، مەرجەکەت قەبوول دەکەم."

دەعبا گوتی: "زۆر باشە." ئینجا لە خۆشیان خولێکی بە کلکی دا و لە حەوا دا هەڵی سووراند. بەڵێ، ڕۆژی دوایی مێردی کچە بانی جەنابی پادشا هاتە ژوورەکە و دیتی خورییەکە و خواردنەکە هەر وا لەوێ ماون.................درێژەی هەیە





هەواڵنامەی کتێب

# شازادەخانم و دەنکەنۆک



هانس کریستیەن ئاندرسەن
وەرگێڕ: ئەشمیل کرمانج

ڕۆژگارانێکی زوو شازادەیەک هەبوو کە ئەیویست لەگەڵ شازادە خانمێک زەماوەند بکات، شازادە خانمێکی بەڕاستی شازادە خانم. جا دەوری تەواوی جیهانی لێدا بەڵام هەر جارە و لە شتێک کەمی دێنا. تا بڵێی شازادە خانم زۆر بوون، بەڵام ئەو نەیئەزانی ئەمانە بەڕاستی شازادە خانمن یا نا. هەر جارێ لایەکی کارەکە ناتەواو ئەما. بۆیە زۆر بەخەمباری گەڕایەوە بۆ ماڵێ، چونکە پێی خۆش بوو شازادە خانمێکی ڕێک وپێک هاوسەری بێ.

شەوێکیان هەوا زۆر ناخۆش بوو. هەور ئەیشریخاند، باران بە غوڕمە لە بانیژەی ماڵەکانی دەدا. بەکورتی شەوێکی زۆر ناخۆش بوو. لەناکاو کەسێک لە دەروازەی شاری دا. پاشا چوو دەرگا هەڵگرێ. شازادە خانمێک لەبەر دەرگاکە ڕاوەستا بوو؛ ئاو لە گیان و جلەکانی دا دائەچۆڕا و لە نووکی پێڵاوەکانی ئەچووەوە ژوورێ و لە پانەی ئەهاتەوە دەرێ. ئەو وتی کە شازادە خانمێکی بەڕاستی شازادە خانمە. شاژن لە دڵی خۆی‌دا وتی: "باشە بەم زووانە بەم ڕاستیە ئەزانین" ئەم هیچی نەوت و چووە ژووری خەوەکە. تەواوی جێگا و بانەکەی داگرت و دەنکە نۆکێکی خستە سەر قەرەوێلەکە و بیست دۆشەکی خستە سەر و پاشان بیست لێفەی تووکی مراویشی لە سەر دانان.

هەنووکە دەبێ شازادەخانم شەوێ لەو سەرە بخەوێ. بەیانی لێیان پرسی کە شەو چۆن خەوتووە. شازادە خانم وتی: زۆر خراپ، ئەمشەو هەر خەوم لێ نەکەوتووە. خودا ئەزانێ چی لە جێگاکەما، بوو شتێکی ڕەق کە تەواوی گیانمی شین کردووەتەوە. زۆر ناخۆش بوو."

جا لەوەوە ئەشێ بزانن کە ئەمە شازادە خانمێکی بەڕاستی شازادە خانمە. بە سەر بیست دانە دۆشەک و لێفەی تووکی مراوی‌دا بەو دەنکە نۆکەی زانیوە. چۆن کەسێک جگە لە شازادە خانمێکی بەڕاستی شازادە خانم ناتوانێ ئەوەندە بە هەست و خوست بێ. ئا بەمجۆرە بوو کە شازادە خانم بووە هاوسەری شازادە. چون شازادە ئەیزانی شازادەخانمێکی بەڕاستی شازادە خانمی وەدەست کەوتووە. دەنکە نۆکەکەش چوو نێو خەزێنەی پاشاوە ئەگەر کەس نەیدزیبێ ئێستاش هەر لەوێ ماوەتەوە. چاوتان لێیە کە ئەمەش چیرۆکێکی بەڕاستی چیرۆک بوو.





به خەتێک بێچووەکان بگەیەننە دایکیان




ئازیزانم، ناوی ئەم وێنانە بە زمانی شیرنی کوردی بنووسن.









# نوێــژ

نووسینی: لوقمان ڕەهرەو ـ مەهاباد

منالە خۆشەویستەکان، وەک دەزانن یەکەم عیبادەتی هەرە گەورە کە لە سەر شانمانە نوێژ کردنە کە بە فەرمایشی پێغەمبەر (درووی خودای لێ بێ) نوێژ کۆلەکەی دینە. بۆیە نوێژ لە سەر ئەو کەسانەی کە گەیشتوونە مێرمنالی واجبە و دەبێ بیکەن.

بە پێی شەرعی ئیسلام نوێژە واجبەکان پێنج کەڕەت دەکرێن.

١ـ نوێژی بەیانی دوو ڕەکات

٢ـ نوێژی نیوەڕۆ چوار ڕەکات

٣ـ نوێژی ئێوارە چوار ڕەکات

٤ـ نوێژی شێوان سێ ڕەکات

٥ ـ نوێژی خەوتنان چوار ڕەکات

ئەم نوێژانە لە شەوی مێعراج واتە ئەو شەوەی کە پێغەمبەر (درووی خودای لێ بێ) لە مەککەوە چۆتە بەیتولموقەددەس ـ ماڵی پیرۆز ـ پاشان بەرز کراوەتەوە بۆ ئاسمانی سەرێ، لە سەر پێغەمبەر و ئۆممەتەکەی واجب کراوە. هەر بۆیە دەبێ ئەم عیبادەتە جوانە زۆر بەڕێکوپێکی بەڕێوەبەرین.







هەواڵنامەی کتێب



شنو پوکرك كلاس امادگی



امیر رضا قاسمیان معدل ۱۹/۶۴ سوم راهنمایی



فریبا شرفی اول راهنمایی معدل ۱۹/۷۵



مارینا مظفلیان کلاس پنجم معدل ۱۹/۹۳ (بوکان)



منصور معروفی کلاس چهارم معدل ۱۹/۸۰

**تێبینی:**

تکایە نووسراوەکانتان کورت و تەنیا بۆ تەمەنی منالأن بێ.
تکایە ئەگەر تەرجەمە دەنێرن ،نوسخەی سەرچاوەکەشی لەگەڵ بێ.
ئالەکۆک ئەگەر نووسراوەیەک کەم وکوڕی هەبێ بوی هەیە ڕاستی بکاتەوە.



کیوان محمدامین زاده



هیمن کریمکلانی







اروین حسینی



احسان واسعی



احسان آسیابان







## مێشهەنگوین

سەعدەدین خوسرەوی

من مێشهەنگوینم ئاوە
تامی گولان دەچێژم
شانەی جوان هەڵدەبەستم
هەنگوینی تێدەرێژم
کاتێ هەوا گەرم بێ
دەرۆین لە دووی هەڵالە
هەرکەس ئێشی خۆی دەکا
دادەرێژن گەلالە
هەرکە پڕبێ ماڵەکەم
بێچووەکانم دەردەکەم
پوورە ئەدەم بەهاران
لەیەک تا نۆ بڕ دەکەم
ئاشنا یا غەریبە
لە ماڵم بێتە پێشێ
ویزەویز پێوەی دەدەم
جێگەی چزووەکەم دێشێ.



بە ناوی ئەم وێنانەی ژێرەوە،
جەدوەلەکە پڕ بکەنەوە















١٦ی ڕەزبەر ڕۆژی جیهانی منداڵ پیرۆز بێ